# رۆشنبیر لە تۆڕی شۆڕش و پرسیاری رۆشنبیریدا

## سەلاح جەلال

پەیوەندی (شۆڕش و رۆشنبیر) نهێنیەکی دوانی بەر جەستە دەکات وەك هەنگ و کورە، ئایا رۆشنبیر چی شوناس و رۆڵ و کاریگەری و بەرهەمهێنانی لەسەر شۆڕش هەیە؟ چۆن سیاسی و رۆشنبیری جیا بکەینەوە؟ کامەیە ستراتیژ و پەیام و ئەرکەکانیان؟ پەیوەندی و پانتاییەکانی کارکردن؟

پەیوەندی رۆشنبیر و سیاسی لە هەمو کاتێکدا ئایدۆلۆژیە، لە پارێزگاری لە بون و ژینگە و رای گشتی و هێزی رەمزی و شێوەکانی شوناس و مێژو دەسەلات و سەربەستی و ماف و پەیوەندی و ئەوانی تر. لای (ئیدوارد سەعید) گڕی هیچ شۆڕشێکی سەرەکی لە مێژوی نوێدا بەبێ رۆشنبیر داناگیرسێت، بگرە بەدایك و باوکی شۆڕشەکانی دەزانێت، زۆر لە تێوریستەکان رۆشنبیر بە چینێکی نوێ دەزانن توانای گۆڕانی ریشەیی هەیە لە فەزای داهێنان و گۆڕاندا، بەرهەمهێنان لەپانتایی بەتاڵەدا دەکەن و پەنجەرەی نوێ دەکەنەوە. ئەمەیش لای (غرامشی) ریشەی گرت، شۆڕشیش مانای گۆڕان، لابردنی سیستەمی باوو هێنانە کایەی سیستەمی نوێ، مانای کردنەوەی دەرگا و پەنجەرەی نوێ، گۆڕینی زمان لە جوینەوەوە بۆداهێنان، کار کردن بۆ خستنە سەر و داهێنانی نوێ.

شۆڕش لەهۆشیاریەوە دروست دەبێت، لە رێی میدیا و بواری رۆشنبیری گشتی (پزیشك، مامۆستا، پیاوانی ئاینی، پیشەییەکان، رۆژنامەنوس، نوسەران، رێکخراوە جەماوەریەکان توێژەکان، تاد.... هەر دەستەیەکی رۆشنبیری کاری خۆی دەکات.

شۆڕش رەگ و ریشاڵی بە مەعریفە ئاو دەدرێت، ئەویش بەرهەمهێنانی دەستەی رۆشنبیرانە، لەو ئەرکەی خۆیەوە بۆ هۆشیاری نەتەوایەتی، ئایا چۆن گۆڕانکاری دەکات؟ کامەیە ئاراستە و خاڵی وەرچەرخان؟ مانا و واتا و دەستەواژەکانی چین؟ ئەو پەنجەرە و دەرگایانەی دەیانکاتەوە چی رۆشناییەك دەبەخشن؟ رۆشنبیر لەزەریای پرسیار و گوماندایەو ئەمەش کارکردنە لە ناو فیکردا، روبەڕو بونەوەی دژە لێکچونەکان، هەمو ئەوانەی ناچنە ناو تۆڕی بیرکردنەوەی بیرکەرەوەوە، کارکردنە بۆ بەرهەمهێنانی مەعریفە.

ئەمانەش جێگەی تێڕامان و دو دڵین، لە ناو گەردەلولی گۆڕانکاریەکاندا گێژمان دەکات، لە درخستنی پرسیار و رەنگدانەوەی، ئەوانی تر دەخاتە بەر پرۆسەی ئەگەرەکان و سەرسوڕمان و گومان و دو دڵی و رارایی فەزای روانین دەگرێتەوە، کەسی پرسیارکەر مەترسی لەبەرجەستەکردنی پرسیارەکانیدا هەیە، چارەسەری بارو دۆخ چۆن دەکرێت، ئەوە کاری کێیە؟ کام چین و توێژە ئەو شۆڕشە دەکەن؟ کامەیە

جیاوازی چینایەتی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاڵو گۆڕو خستنە سەر؟ دەربارەی شۆڕش و پۆلینکاری لە نێوان شۆڕشی نەتەوەیی و چینایەتیدا؟ کام ململانێ و دژە فیکر و روانینێك جیاوازی دەردەخات و لەچی چاوگەیەکی ئەم سەردەمەوە هەڵدەقولێن؟ ئایا ئاستی دەرخستنی جیاکاری فیکر و مەعریفەیە. باری سیاسی شۆڕش و مانگرتن و دژە وەستانە، هەوڵدانی هۆشی ئەوانی ترە بۆ شۆرش و نزیك بونەوە لە جوڵاندنی جەماوەری دەستە و گروپە جۆراو جۆرەکانە؟

ئایا چۆن بیر بکەینەوە؟ کام شۆڕشە بکەین؟ چی تیورێکی جێگرەوەمان هەیە؟ ئەوانە دەتوانن هۆشیاری شۆڕش بنوسنەوە و لە بەردەم ناونیشانەکانی شۆڕشدا بوەستن بە روانین و جیهانبینی و پێدراوو ئەو ئەرکانەی هەڵیان گرتووە؟ یان گێڕەرەوەی روداوی شۆڕشن و پرسیارەکانی مەعریفە بەناو پانتاییەکانی ئەو هێڵانەدا دەگەڕێتەوە، ئێمەیان کەڕو لاڵ کردووە.

شۆڕش مانای چیە؟ جگە لە گۆڕانکاری جێگرتنەوەی مەعریفە باوەکان و تیۆری مەعریفی لە بواری فیکر و ئازادی و سەربەستی و کۆمەڵایەتی و شارستانی لەناو کۆمەڵگادا.

دیکارت گوتی: من بیر دەکەمەوە کەواتە من هەم، دایەلۆگێکی کردەوە بۆ فیکر، بۆ ڕوانینە جیاوازەکان بو بەتۆڕێکی بێ کۆتایی لە مێژووی فەلسەفەدا. شۆڕش بو لە فیکرو روانیندا، تێکشکاندنی سیستە باوەکانی خوێن رشتنە لە شۆڕشداو کەسی بەرهەمهێن بەبێ بەشداری شۆڕش بە بیری پڕ شۆڕش دەکات.

لەگڕوگاڵی مەعریفەدا چۆن زمان بکەینەوە؟ راپەڕین لە پاشخانێکی فیکری بە هێزەوەیە زەمینەیەکی فیکری هەیەو کپ ناکرێتەوە.

شۆڕش مانای پڕ بونەوەی بەتاڵاییەکان و گۆڕینی باو و لە کەڵك کەوتووەو وزە لە دینامیکیەتی هێزێکی مەعریفییەوە وەردەگرێت، خوێندنەوەی بۆ بەهاکان کردووە؟ بۆ دارشتنی سیستەم و جیهانبینیەکی نوێ.

گۆڕینی ئەم سیستەمانەش بەبیرمەند دەکرێت، کێشەی لەگەڵ فیکری خۆیدا هەیەو بە فیکرەکەی ئێمە و ئەوان دەگۆڕێت و نوسینەکانی زۆرینە ملکەچ دەکات.

هۆشیاری گۆڕانکاری زۆر گرنگە لایەنی چاك و خراپی هەیە، ئەگەر لەفیکری بەرهەمهێنەوە سەرچاوە نەگرێت دەبێتە کارەسات.

ئێمە لە ڕوی زانست و فەلسەفەوە پێویستیمان بەو پرسیارانە هەیە کەڕو لاڵمان دەکەن، چی هەیە لە زانستەکان و فەلسەفە و چۆن بیر بکەینەوەو دەست پێبکەین؟ یان دەبێت خوێندنەوەیەك بکەین و پانتایە مەعریفیەکانمان پڕ بکەینەوە؟

ڕۆشنبیری کوردی لەم ئاستەدا ئیفلیجەو ناتوانن لەو وتراوانە کار لەهێڵی مەعریفەدا بکەن، چۆن (عەلی حەرب) لەسەر کەلتوری عەرەب دەیکات. پرسیاری جەوهەریش ئەوەیە ئایا کۆمەڵگەیەك بەبێ زانست و فەلسەفەو پۆلین کردنی ئەو پانتاییانە بۆ ناو کەلتوری خۆی لەچ خاڵێکەوە دەست پێدەکات؟ کامەیە هێڵی جیاوازی و لە کوێوە خستنە سەر و پێدراوەکان دەردەکەون ؟ مانای جیاوازی چیە؟ ئەوەی بیریارانی جیهان کردیان، ایبەت (ریجس دوبریە و غرامشی).

غرامشی بە تەنیا ئامانجی ئەوە نەبو بزوتنەوەیەکی کۆمەلایەتی دابرێژێت بۆ ئیتالیا، بەڵکو دیسانەوە بونیەیەکی رۆشنبیری تەواوی بۆ دروست بکات، ئەوەی پەیوەندی بەم بزوتنەوەیەوە هەیەو ببێتە پرۆژەیەك بۆ رۆشنبیری و پۆلینیان بکات، ئەوانەی ئەرکی فیکری لە کۆمەڵگادا دەگەیەنن، وەك رۆشنبیری تەقلیدی، مامۆستا و پیاوانی ئاینی و بەڕێوەبەر ، لە نەوەیەکەوە بۆ یەکێکی تر یەك ئیدا دەگەیەنن، دووەمیش رۆشنبیرانی ئەندامیە بەشێوەیەکی راستەوخۆ پەیوەندن بە چینەکان، یان دەزگای بازرگانی، ئەم دەستەیە جیاوازن بەردەوام ئەو شتانە ئەڵێنەوە، پێشتر ووتویانە لێرەشدا دەستەیەکی تر لە ڕۆشنبیران دێنە کایەوە دیسان وتراو دەڵێنەوە بەبێ ئەوەی بتوانن گۆڕانێك دروست بکەن. غرامشی رۆشنبیری ئەندامی بەو کەسە دەزانێت لەهەر پانتاییەکدا کار بکات پەیوەندی بە بەرهەمهێنانی مەعریفە یان بڵاوکردنەوەیەوە هەبێت، لێرەدا جیاوازی لەگەڵ هەموو دەستە ڕۆشنبیریەکانی تردا دروست دەکات بە داهێنان و خستنە سەرو دۆزینەوەی ئەو دەرگاو پەنجەرانەی لەوەو بەر نەبینراون، ئەم ستراتیژەش لە شۆڕشی ڕزگاری نەتەوەدا جیاوازە لەوەی لە شۆڕشەکانی تردا دەکرێت، ئەوەش دەستە ڕۆشنبیرەکان ئەو هێڵە ئاسۆییانە دەکێشن.

ئەوەی  جێگەی مشتو مڕە وشەی رۆشنبیر بۆتە ئیمپریالیەتی کێشەکان، بەبێ پۆلێنکردن،  رۆشنبیر چیە و کێیە، جیاوازیەکان چین. رۆشنبیر دەسەڵاتدارێتی بۆ خوێنەرێکی بەر فراوان دەکات، لای ئیدوارد سەعید خەڵکی هەمو رۆشنبیرن، بەڵام هەمویان ئەو توانایەیان نیە، ئەرکی رۆشنبیر لە ناو کۆمەڵگەدا بگەیەنن. بڕوانە(صور المپقف) ل٢١.

پرسیارەکان لە ونبونی فیکر و پۆلین نەکردنی رۆشنبیرەوە دەست پێدەکات، دەبێت بۆ چەمکی شۆڕشی ڕاستەقینە گەڕانێکی قوڵ بکەین، بۆ گەڕان بە دوای شوناسێکدا لەکوێوەوە دەست پێبکەین؟ ئەمەش دایەلۆگێکی فراوانی دەوێت، پێویستە پرسیار لەسەر جیگرتنەوەی شۆڕش و تێور و پرنسیپی شۆڕش چۆنێتی و ئاکامی بکەین؟ ئایا کۆمەڵگە لە چی ئاستێکدایە؟ کامەیە بەرهەمە گەشە کردووەکانی؟ چۆن گۆڕانکاری و بەرەو پێشچونی بۆ دەکرێت؟ کامەیە ئاست و خۆدۆزینەوەی تاك لە فەزای روانینی ئێستایدا.

لەچــی پێگەیــەکی نــاوخۆیی و جیهانیــدا خــۆی دەدۆزێتــەوە؟ تــەنیا لــە دیکتــاتۆری و دیموکراســیەوە بگوێزێتەوە بۆ گۆڕانی ریشەیی لە یاسادا، ئەوەی ئێستا لەو رابردووە جیا دەکاتەوە گۆڕینی نوسراوەکانی دەسەلاتە.

ئەمەش کارکردنێکی ڕیشەیی لە ناو زانستەکاندا هەیە، دەبێت خاڵێکی ریشەیی دابنێین بۆ ئەوەی بگەینـە گرۆگاڵ لە سفرەوە دەست پێبکەین بە تێکدانی سیستـەمە باوەکـان، بـەتیۆرەی جێگـرەوەی کۆمەڵگـەی مەدەنی.

دەکرێت سود لەتیۆری جیهانی وەربگرین، لەروی مەعریفیەوە، واتا مەعریفە لە نامەعریفە جیـا بکەینـەوەو لە بێدەنگیەوە بۆ دایەلۆگ بچین، کەسانی تایبەتمەند بەو بوارە کاری لەسەر بکەن و بە ڕوانینێکـی نوێـوە بگەڕێینەوە بۆ چەمکی ڕۆشنبیری.

ئەمەیش کاری هەڵبـژاردەی ڕۆشـنبیریە دوور لـە دەمـارگرژی حیزبـی، ئەوسـا هێلێـك بەرجەسـتە دەبێـت، شۆڕشی ڕۆشنبیری لەهەموو شۆڕشەکان گرنگ ترە. کۆمەڵگەیەك خاوەنی ئـەو وتووێـژە ڕۆشـنبیرە نـەبێت جگە لەخوێن ڕشتن چرا نابینێت.

پێویستە رۆشنبیر خۆی بدۆزێتەوە، لە نێوان کاری حیزبی و داهێنانداو فەزای رۆشـنبیری بـە روی یـاخی و هەڵبژاردەی رۆشنبیریدا بکرێتـەوە، نـەك داگیرکـاری رەمزەکـانی رۆشـنبیری هـەمو پێگـە ترسـناکەکانیان گرتووەو توانیویانە حیزبـەکان بـۆ بەرژەوەنـدی خۆیـان بقۆزنـەوە، بـە دەمـامکی جـۆراو جـۆرەوە دەبنـە پاڵەوانی ڤیستیڤاڵ و کار و چالاکی و چاپەمەنی و فەزای رۆشنبیریان گرتووە.

پارتی سیاسی کوردی ئەم گۆڕانەی بۆ ناکرێت، ئەی کاری نەوەی نوێ چیە نـەتوانێت ئـەو شـانۆگەریەیان کۆتایی پێ بهێنێت و هەنگاو بەرەو شۆڕش بنێن.

شۆڕش مانای خوێن رێژی نیە، شـێوازی نـوێ هەیـە بکرێـت، زەمینەیشـی رەخسـاندووە بـۆ شـۆڕش، لـە گەڵای درەختەوە هەتا بەرگ و سێبەر دوای گۆڕانکاری دەکـەن، ئەمـەیش بـەو کارکردنـە دەکرێـت نـەوەی نوێ بە عەقڵێکی نوێوە بیکـەن، نـەك بـەو شـێوازەی هـیچ ئاسـۆیەکی بـۆ دامەزرانـدنی زەوی شـۆڕش تیـا نەبێت.

دیسانەوە دەپرسینەوە، ئێسـتا پرسـیارەکان لەگەندەڵیـەوە دروسـت دەبـن، دەکرێـت چـی ناونـانێکی بـۆ بکرێت؟ یان چی ئایندەیەکی هەبێت؟ لەو تێکەڵی و فـرە هەژاریـەی لـە کـەلتور و پانتاییـە جیاوازەکانـدا دروسـت بـووە، یـان راپـەرینێك سـتراتیژێکی نادیـارە و بـە ڕاو بۆچـون و دەسـت تێـوەردان و پرنسـیپ و

پرۆسیسی وروژێنەر و دەمارگیریـەوە، لـە خوێندنـەوەی جیـاواز جیـاوازەوە، تێکـەڵ بـووە، بـەبێ تێـوری گۆڕانکەر ناکرێت.

ئەم هەولانە کەشەی هەورێکی تاڵە و لە ئاسماندا کۆ دەبێتەوە بۆ شۆڕشێکی رۆشنبیری لەئایندەدا، مانای دەبێتە پاشخانێك رۆژ بەرۆژ خەرمانەی گۆڕانکـاری کۆدەکاتـەوەو پێویسـتە بـە جۆرێـك ریشـەی مـەعریفی دابرێژێت، نەك ببێتە کارەسات بۆ کورد.

ئەم گۆڕانکاریانە شۆڕشێکە بەمانای گۆڕان کۆمەڵگـە بگرێتـەوە، پێویسـتی بـە کردنـەوە هەیـە، شۆڕشـی راسـتەقینە هـەمو یاسـاکانی گۆڕیـوە، لـە کایـەو شـێوازێکەوە بـۆ شـێوازێکی تـر، شـۆڕش مانـای گـۆڕانی ریشەییە بتوانێت سەرخان و ژێرخانی کۆمەڵگا بگۆڕێت لە چەمکی سواوەوە بۆ چەمکی نوێ.

لێرەدا دەیان پرسیاری جەوهەری دروست دەبن بۆچی کوردستان چەقی گەنـدەڵی و بەسـتووییە؟ بۆچـی گۆڕانکاری ناکرێت؟ ئەمە دەکرێت لە دەیان دەلاقەوە تێڕوانینی لەسەر بکرێت، بە داخـەوە لـە ڕۆشـنبیری کوردیدا خوێندنەوەکان بەو ئاقارەدا ناچن، ئەو چەمك و مانایانە هەڵبگرن و لە خۆبەستنەوە بـە لایـەنێکی تایبەتیەوە بچنە ناو بوارەکانی فیکر، ئەمەش ونبـونی فیکـرە تایبەتـە بـە سـتراتیژی شۆڕشـەکان ئـەوەی ڕاپەڕینی جەماوەری لە کوردستان دەیکات جیـاوازە لـە ناکۆکیـەکانی نێـوان (لیـنین و پلیخـانۆف) یـاخود صین و بولغاریا، ستراتیژی هەر شۆڕشە تایبەتمەندی زەمینی و زەمانی هەبووە لە ناکۆکی و کێشە فیکری و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەوە سەریان هەڵداوە.

ستراتیژی (جۆز جۆز تیتۆ) جیاواز بوو لە (ماوتسیتۆنگ)، بەم شێوەش پرسیارەکان ئەوەنـدە زۆرن خـاڵی کۆتاییان نییە.

دەکرێت بپرسین تیوری ئەم ستراتیژە چییە بۆ نەوەی ئایندە؟ ئایا دەبێتە هۆکاری گۆڕانکاری و شکاندنی بەربەستەکانی فیکر و زانیاریە هەواڵگریەکان و سیسـتەمی ئـابوری و بوارەکـانی تەکنـەلۆژیا و پەیوەندیـە جیهانیەکان؟. ئایا ئەرکەکانی ڕۆشنبیر لەم قەیرانەدا لە پڕکردنەوەی پانتاییەکانی مەعریفەدا چی بوون؟!

ناکرێت ڕۆشنبیر تەنیا بانگەوازی ئەوە بکات خەڵك ڕاپەڕێت، لە کاتێکدا ستراتیژی ئەو ڕاپەڕینـە نـەزانرێت و تیـورێکی جێگـرەوە نـەبێت ببێتـە ئەڵتـەرناتیڤی ئـەو شـتە باوانـە، ئەمـەش سـەرەتا پێویسـتی بـە داڕشتنەوەی یاسا هەیە، مێژووی ئێمە تەنیا لەسەر یاسا باوە کۆنە وەرگیراوە کاری کـردووە، ناکرێـت تـۆ یاسـایەکی تایبـەتت نـەبێت؟ ئەمـەش کـاری کێیـە؟! جگـە لـە کەسـەکانی فیکـر هەریەکـە لـە بـواری تایبەتمەندێتی خۆیـەوە تێـورێژەی بـواری یاسـایی بکـەن. جگـە لـەوەش جیاکردنـەوە و پـۆلینی ئاسـت و قۆناغە جیا جیاکان لە زەمەنی مۆدیرنیتە و پۆست مۆدێنیتەو دوای ئـەوان، ئێسـتا ئایـا دەکرێـت بپرسـین

چی زەمەنێك شوناسی كورد دیاری دەكات لە پرۆژەی لێكۆڵینەوەی كوردیدا خوێندنەوەی بۆ كرابێت؟ ئایا ئێمە لە چی قۆناغێكی پێشكەوتەنەكاندایین؟ جگە لەوەش چۆنیەتی سیستەم و بەڕێوەبەری دەسەلاتدا ڕەگی گەندەڵی چییە چۆن چارەسەر دەكرێت؟ مەترسی گەندەڵی ڕۆشنبیری لەگەندەڵی سیاسی گرانتر و مەترسیدارترە، ئەگەر كۆمەڵگەیەك خاوەنی چینی ڕۆشنبیری راستەقینە بێت بە واتای غرامشی ئەوە ئەگەر دەسەلاتیش ڕاست نەكاتەوە رەگ و ریشاڵی دەهێنێتە دەرەوە، دەشێت بپرسین، بڵاوكراوە و راوێژ و كارە گرنگەكان جگە لە ڕۆشنبیران كێ بون؟ لەكاتی دەسەلاتی شۆڕش بۆ ناو شار جگە لە نەبونی ڕۆڵی ڕۆشنبیر چیتر هەبو؟ بۆ ناو پارتەكان جێگەیان خۆشدەكرد، ئەمەش كارەساتی نایەوە و پۆلێن نەكردنی سەنتەریالیزمی دیموكراتی شار و شاخ بناغەی گەندەڵی دروست كرد، ڤێتنام دوای سەركەوتنی شۆڕش چۆن مامەڵەیان لەگەڵ شۆڕشگێڕاندا كرد، پاڵەوانیان نەهێشت و بەڕێوەبردن درایە دەست نەوەی نوێ.

كوردستان پڕ بوو لە پاڵەوانی شاخ و هەموو جێگە ترسناكەكانی دەسەلاتیان گرت، ئەمە گەورەترین هەڵەی مێژوویی ئێمە بوو، لەبری ئەوەی دەسەلات بدرێتە دەست نەوەی نوێ، لە لایەكی تر چۆنیەتی كاركردنی ئۆپۆزسیۆن ڕووبەڕووی دەیەها پرسیاری سەرسوڕهێنەر دەبنەوە، لەو ستراتیژەی لە بەردەمیاندایە ڕوون نییە، جگە لە بانگەشەی گەندەڵی هیچ نامەیەكی تیۆری گۆڕانكاریەكان نابینینەوە، پرسیارەكانیش لە ئیسلامی سیاسی و ڕەوتە عەلمانیەكە زۆرە تەنیا لەسەر ستراتیژێكی سیاسی تێكەڵاو بوون، ئەویش گەندەڵییە، لە كاتێكدا ستراتیژی شۆڕشی جەماوەری جیاوازە لەمە, شێوازێكی تر وەردەگرێت لەوەی جەماوەر دەیەوێت لاپەڕەیەكی سپی بە داوا و حەزەكانی پڕ بكاتەوە، نەك بكەوێتەوە ناو ئەو تراژیدیایەی بەردەوام دووبارە دەبێتەوە. بەردەوام ئەو ناكۆكیانەی هەبوون لەشەڕی براكوژیدا دووبارە دەبنەوە و هێزو دەسەلات بۆ لایەنەكان دەگەڕێتەوەو دەبێتەوە بە شەڕی بەرەكانی جەنگ ڕۆشنبیرانیش ئەو جەنگە لە سەنگەرە جیاوازەكانەوە دەكەنەوە.

كارە سات لێرەوە دەست پێدەكات، چینی سەربەخۆی ڕۆشنبیری بونی نیە و چۆن لەو ڕەوتە كۆنە دەربچین و بەرەو هێڵی ئاسۆیی بچین، نەهێشتنی بە ڕەمز بو پاڵەوانەكانی سیاسی و ڕۆشنبیری خاڵی گرنگ و ئامانجی سەرەكی بزوتنەوەیە، ئێستا پێگەیەكیان بۆ تاكی كوردی نە هێشتۆتەوە، بۆیە پێویستە بپەڕینەوە بۆ ئەوەی سەرەتا پرسیارەكانمان لە ڕەمزبووەكانەوە دەست پێبكەین، لەكاتێكدا نەگوێی پرسیار و نەمەنتیقی پرسیاریان هەیە، ئەمانە هەرە پێگە ترسناكەكانیان پۆلێن كردووە بۆ بەرەمز بونی خۆیان، ئەم خوێندنەوەیە پێویستی بە بەسەرا چونەوەیەكی گشتگیری كۆمەڵگەی كوردی هەیە لە هەمو بوارەكاندا، ئەمەش كاری شۆڕشێكی ڕۆشنبیری نوێیە ئێستا لە توانایدا نیە ئەو شۆڕشە بكات، بەڵكو

دەبێت هەنگاوی بۆ بنێت، بەردەوام نەوەی نویٚ هەڵدەستێت بە گۆڕانکاری لەبەر تیشکی ئەو بوارە ڕۆشنبیریەی ئاستی کۆمەڵگای گرتۆتەوە، ئەمەش توانای کەلتوری نەتەوەیە، ئێمە دەخاتە بەردەم دەیەها پرسیاری سەرسوڕهینەر! !

لەژمارە(٣٢٩لە٢٠١١/٦/٢٧ )لە ڕۆژنامەی چاودێر بڵاوبۆتەوە. لەبەر گرنگی جارێکی تر لە گۆڤاری ڕێبەر ژمارە(١٦) هاوینی ٢٠٢٣ دا بڵاوبۆتەوە.

لێردا کەمێك دەستکاری لە کورت بونەوەدا کراوە.